# میٚتودێکی نوێی چارەسەرکردنی ڤایرۆسی HIV

ئەمرۆ گۆڤاری پزیشکی The Lancet توێژینەوەیەکی توێژیارانی ئەمێریکایی بلاّوکردەوە کە وا پێدەچێت بتوانرێت چارەسەری سۆ بە ڤایرۆسی HIV بکرێت . مێتودە نوێکە بریتییە لە : هەرچەندە ڤایرۆسی ناوبراو لە نێو هەندێك خانەدا بە تایبەتی خانە بیرەوەرییەکاندا Memmory Cells (LT5) دا خۆیان حەشاردەدەن کە سەربە کۆئەندامی بەرگری لەشن لەبەرئەوە ئەو دەرمانانەی ئەمرۆ دژی ڤایرۆسەکە بەکاردەهێنرێن کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ڤایرۆسەکە نییە وەلیّ دەبێتە هۆی درێژبوونەوەی تەمەنی نەخۆش دەنا ئەنتیڤایرۆسەکان نەخۆش چاکناکەنەوە . بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ڤایرۆسانەی کە خۆیان ناچالاك کردووە یان شاردۆتەوە توێژیاران رۆژانە 2 جار و بۆ ماوەی 3 مانگ دەرمانی Valporat یان داوە بە 4 نەخۆش کە چەند ساڵێك دەرمانی دژی ڤایرۆسی ناوبراو دەخۆن و سۆیەکی لەسەرخۆیان هەیە .



ڤایرۆسی HIV (2)

ئەوەی جێی سەرنجە کە دەرمانی ناوبراو بۆتە هۆی چالاك کردنەوەی ڤایرۆسەکە و کۆپیکردنەوەی خۆی . هاوکات بە رێژەیەکی بەرز ئەنتیڤایرۆسی دژی ڤایرۆسی HIV دراوە بەو نەخۆشانە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو خانە بیرەوەرییانەی کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون بمرن . توێژینەوەکە لەسەر 4 نەخۆش کراوە وەلیّ لە 3 یاندا ڤایرۆسەکە بە رێژەیەی لە 75٪ نزمبۆتەوە . ئەو کەسانەی کە لەشییان بە باشی وەلاّمی چارەسەرکردنەیان داوەتەوە بە رێژەی لە 84٪ ڤایرۆسی HIV یان لە لەشدا نەماوە . لە ئەنجامی ئەم مێتودە نوێییەدا تێبینی کراوە نیشانەی لاوەکی هەندێك ئەنتیڤایرۆس زێدی کردووە .

**سەرنج**

– دەرمانی Valporat (دژی نەخۆشی پەرکەم بەکاردێت) .

– خانەی بیرەوەری (LT5) ، لە وەلاّمدانەوەی بەرگری ناوەنجیدا بە توانان و دووبارە ئەنتیجینەکان دەناسنەوە .

**سەرچاوە**


1– رۆژنامەی داکسنیهێتەر ی سویدی رۆژی 12 ی ئاوگوستی 2005 .

2– رۆژنامەی ئافتۆنبلادێت ی سویدی رۆژی 12 ی ئاوگوستی 2005 .